# نامەیەك بۆ باوكی شەهیدم لە شەوی شەهید بونی دا.......
# بۆ مامۆستا كۆچەری باوكم....

رزگار كۆچەر
rzgar77@hotmail.com

**ئەم شەو بەدەر هەموو شەوە شومەكانی مانگی ئایار یادت دەكەم.... هەموو سالێك لەو كاتانە بە چەند وشەیەك من و چەند هاورێیەكت لاپەرەكانی رابردوو هەلدەدەینەوە ...**

**من بەدەر سالآنی رابردوو ئەم سال هەندێك دیمەنی پاش شەهید بوونت نیشان دەدەم....باس لەو فیشكە ناكەم كە بەلێنەكەی خۆتت بۆ حزبەكەت تێیدا جێ بەجێ كرد و سەری حزبەكەت بلّند كرد....**

**باس لە رەنج بە خەساری تەمەنی گەنجیت دەكەم كاكە گیان....**

**نازانم لە كوێ دەست پێ بكەم دەزانم لێرە بە دواوە پێش ئەوەی گۆێم لێبگریت.... گلەییم لێدەكەیت و وەك هاورێكانت پێم دەلێت.....دەبوو رەنج و خەباتی من تەواو كەیت !!!!!**

**كاتێك ئەو گلەییانەم لێدەكەیت لە خەیالّت حزبكەی تۆش وەك ئەو حزبانەیە كە سەركردەكانی یان كادرانی شەهید دەبن ئەو تەواو دەبێت كورەكانیان یان كجەكانیان نازیان هەلبگیرێت و هەرجی هۆل و باخجە و شەقام و قوتابخانە هەیە ناوی ئەوانی لێبهێندرێت ..**

**جا هاورێم ئەم سالّ بم بەخشە باس لە گرتنت و ئازارو مەینتیەكانی زیندان ناكەم ....باس لە داستان و قارەمانیت ناكەم ..... باس لە نەبەردیەكانی ناو شاریش ناكەم كەرۆژێك بە جلی سەربازی ...رۆژێكی تریش بە جلی مامۆستای ئاینی خۆت دەخزاندە شار و شارت لە بەعسیەكان دەكردە كونە مشك..**

**باس لەو رۆژانە ناكەم كە شار چەند كورێكی مەردی تێدابوو تا بەردەم بەعسیەكان بوستێتەوە و سەریان شۆر بكات ...ئێستاش شار پرە لەوانەی لەگەل راپەرین و ئاودیو كردنی شۆفەل و مرۆڤ ناوێكایان بۆ خۆیان دروست كرد...**

**ئەوان ئێستا مەفرەزە نەهێنیەكانی شار ...ئەوان هەلۆ بەرزە فرەكان.....ئەوان كورانی رۆژانی تەنگانە و نەبەردیەكانی نیشتیمان...جا بم بورە هاورێ ئەمسال بە دەریایەك گریان دەچمە سەرگۆرەكەت و گەلەیی ئەوەت لێدەكەم و پێت دەلێم بۆ كێ خۆت رەنج بەخسار دا؟؟؟؟**

**بۆ ئەو برادەرە دلسۆزانەی كە جاران هاورێت و هاوخەباتت ئیستاش دەسەلات دراو قسە رۆشتوو...یان بۆ حزبەكەت و نیشتمان وشارەكەت ....ئەگەر بۆ ئەوان !!!! بۆ ئەوان لە كونجێكی ئەو شارە قوتابخانەیەك بەناوت ناكەن خۆ تۆ مامۆستا بوویت ئینجا پێشمەرگە ....دەبێت برادەرە كانت تۆیان لەبیر بێت ؟؟؟؟**

**دەزانم ئێستا لێم زویر دەبیت و دەم خەیەتە نێو ئەو بازنە دۆراوانەی كە جاران لە فلسەفەی حزبەكەت بە روخاو لە قەلەم دەدران ....لەوانەیە بلێت ( تەعەهودی ) بۆ حزبی دەسەلات دار پركردۆتەوە بۆیە ئەو قسانە دەكات....لەوانەشە بلیت تۆ روخاویت وەك هاورێكانم ئەوانەی ئێستا هاوسەنگەریانی....**

**ئەگەرقەسددت ئەو روخاوانەیە كە جاران هاو سەنگەرت بوون و ئێستاش لە سایەی خوێنی ئێوەوە راپەرین و پێشمەرگە هەر رۆژەوە لە حزبێك و سەنگەرێك دەبینرێنەوە ...لەوانەیە گلەیەكەشت لە جێی خۆی نەبێت لای ئەوان چونكە ئێستا زەمەن گۆراوە گەر باسی خەبات و شۆرش و رزگاری لای هەندێكیان بكەیت لەوانەیە هەر تاقەتیان نەبێت گوێت بۆشل كەن ....ئەوان ئێستا خەریكی كاسبی حزبین ..كامیان زۆریان دا ...لەگەل ئەوەم ...**

**بەلّام هاورێم جارێ هەموو ئەو قسانە بۆ كۆتایی لێدەگرێم هەرچەندە دەزانم دەتەوێ هەوالّی دایكم وبراو خوشكەكانم بزانیت كە پێت وایە لەپاش شەهید بونت و رزگاری نیشتمان ئێستا بەرو رەنج وخەباتی تۆ و زۆرانی وەك تۆ دەخۆن ...**

**جا بۆیە لە دایكم دەست پێ دەكەم لەبیرتە بەیانیەكەی كە ویستت برۆیت  دایكم دەستی بەگریان كردو گوتی ئەو مندالانە بۆ كێ جێ دەهێلّیت تۆ رۆشتی گوێت نەدا دایكم و دایكت .....دایكم تا لە زیندان بوو لە زیندان دوایش بە نان كردن و جلی شۆری بۆ خەلك ئێمەی گەورە كرد....**

**دایكم ودایكت پاش تۆ چوار دانە سالّ زیندانی كران لە ئەمنی هەولێر بگرە تا هیئەی كەركوك دوایش لەبەندیخانەی فزیلیە زۆرانی برا بجوكمیان لە نێو ژورە تاریكەكانی زیندان و شیشە ژنگاویەكانی گەورە كرد .....**

**پاش ئەوەی شەهید بویت دایكت لە خەمی تۆ سەری نایەوە دایكیشم هەرجی نەخۆشی دونیا هەیە لەسەری كۆبۆوە ...**

بۆیە کاکە گیان لە پاش راپەرین وئازادی ئێستا دایکم لە هەموو فیستیڤال و یادەوەریەکانی ژنان وئافرەتان میدالیای مقاوەمەت و ژنە شەهید وەردەگرێت ...رۆژانی بەندیخانەی کراوەتە کتێب ...شانۆ گەری بۆ دەکرێت ......دایکم ئێستا رەمزی یەکسانی ژن وپیاوانە لەوانەیە دایکم بکرێت بە وەزیر ...ئەگەر دوا سات نەی گۆڕن جونکە فەقەراتی هەیە تەکلیفی زۆرە لەسەر حکومەت !!!!!!

کاکە گیان با لە دایکم گەرێن و سوپاسی بکەین پاش شەهید بونی تۆ ئێمەی پەروەردە کرد ...تا ئێستاش باوەر دەکەیت کەس لە نێو ئەو هەموو رێکخراوانەی ژنان و ئافرەتان هەر ناش زانن ژنێکی ماندوو ...زیندانی سیاسی وەك دایکم و دەیەهای وەك دایکم هەیە ......هەوییەی زیندانی سیاسیش نیە خۆ قابیلە وەك ئەو جاشە بێت کە لای پێشمەرگە بەندی بوو دوایش هەموو رۆژانی بەند کردن وخیانەتی دژ بە گەلی کورد بۆ بە زیندانی سیاسی ژمێردرا .....!!!!!!!!!!

دەزانم ئێستا پرسیاری خوشکەکانم لێدەکەیت خوا رویان سپی کا هەمویان خوێندنیان تەواو کردوە لە نێو مال و منداڵی خۆیان دانیشتون بەلام زۆرجار خەفەت دایان دەگرێت کاتێك پالەوانەکانی شار دەبینن ئەوانەی بە کراس و بێجامەی نیو قۆل خەباتی ژێر زەمینیان دەکرد...لەسەر تەلەفزیۆنەکان خۆیان وەك تەرەزان وسوپەرمان نیشان دەدەن لای ئەوان تەنها ئەوان ولاتیان رزگار کردوو ئێوەش .......

ئەوان خەفەت لە وانە دەخۆن کاتێك ئەو دەم و جاوانە دەبین کە جاران تۆ و زۆرانی وەك تۆ لە خەفەتی ئەوانەوە بۆنە پێشمەرگە کەجی ئەوان ئیمرۆ شۆرشگێر ومندالەکانی ئەوان دکتۆراو ماجستێرو هەر رۆژە و لە ولاتێك .....ئێمە مانانیش تازە بەتازە خوێندن تەواو دەکەین...

کاکە گیان دەزانی ئەو کاتەی پاپیرە حاجی ناوی لە عەدنانی برام نا تۆ پێت ناخۆش بوو تۆ پێت باش ناوی شۆرش یان گیڤارا بایا بەڵام پابیرە حاجی ناوی نا عەدنان .......

عەدنان هەموو ساڵ لە خوێندن عەفو عام دەکرا کە شەهید بوویت قوتابخانەی جێ هێشت ئۆتۆمبێلی دەشوشت کاری دەکرد تایەی مندالە بەعسیەکانی رەش دەکرد ئەوانەی جاران زورنا لێدەری بەعس و ئێستاش پیاوی دەسەلات ...

تا ئێمە برسی نەبین قوتابخانە و زیرەکی خۆی قوربانی شۆرش و پێشمەرگایەتی تۆ کرد عەدنان لە شوێنی شوشتنی ئۆتۆمبێل کاری دەکرد هەردەم دەستەکانی ماندوبون و بێزاری پێوە دیار بوو ئەو لە پاش راپەرین هاتە نێو حزب ویستی ریگاکەی تۆ تەواو کات ئەو پێش من کاری رێکخستنی دەکرد بۆ حزبەکەت کەچی زوو دەرکرا .....هەندێ قارەمانی ناو حزبەکەت کە برۆلیتارو کرێکارلە نێوانیادا خەبەتیان دەکرد نەیان توانی عەدنانی دەست بە گریز و کرێکار قبول بکەن ...ئەو رۆیشت وڵاتی بۆ ئەوانە جێ هێشت کە تایەی ئۆتۆمبیلەکانیان لە هەموو سەردەمێك رەشە ئەو ئێستا لەوێش کرێکارێکی بریتانیە کە هاتەوە بە دەستی بە گریزو سیما کرێکاری هاتەوە ......

ئەو زۆرانەی بە ناوی چەپەکانی یوگسلافیا ناوت نابوو وابزانم لە بیرتە پاش ئەوەی لە دایك بوو لە گەڵ دایکم و داپیرەم بەند کرا ئەو تا تەمەنی پێنج ساڵیش هەر لە بەندیخانەی فزێلیە بوو کە گەوەرەش بوو حەزی دەکرد ببێتە هونەرمەند خوێندنی سێی ناوەندی بە زیرەکی تەواو کرد تەقدیمی هونەرە جوانەکانی هەولێری کرد ....دەزانی لەبەر ئەوەی کورە شەهیدی شوعی بوو وەرنەگیرا قبولیان نەکرد دەیەها کورە جاش وکۆنە بەعسیان وەرگرت کوری تۆی پێشمەرگەوە شەهیدیان وەرنەگرت ...مامۆستا بەعسیەکان دەیان زانی کوری مامۆستایەکی شۆرشگێرو پێشمەرگەیە بۆیە وەریان نەگرت....

ئەو هاتە نێو حزب ئەوێش کاری کرد دوایش ئەندام پەرلمانێکی ئێستای حزبەکەت کە لە لێژنەکانی مافی مرۆڤ کار دەکات لە حزبی دەرکرد ....وەرەقەیەکی لە تابلۆی ئاگاداریەکان داو گوتی بە هیچ شێوەیەك نابێت زۆران کۆچەر بێتە نێو تەلە فزیۆن ...زۆرانی بێ برادەر ...زۆرانی کورە شەهید ....زۆرانی زیندانی سیاسی ...ئەویش وڵاتی جێ هێشت بۆ شهادە تەزویرەکان .....

دەزانم ئێستا پرسیاری هەژار دەکەیت ...چونکە خۆت ناوت نا هەژار ..بەناوی مولازم هەژاری هاورێت ناوت نا ئەوی لە ئەوروپا ئێستا نە مولازمەو نە هیچ... بە ڵکو ئاقل و ژیرانە مندالەکانی بەخێو دەکات و خۆی دەولەمەند دەکات ...هەقی خۆیەتی گلەیی لێناکەم..........

لەبیرتە کاتێك حزب دەی ویست رەوانەی بولغاریات کا لەگەل دایکم وئێمە چیت دەگوت ...دەت گۆت ئەی کێ تۆلەی خۆێنی شەهیدان بکاتەوە ئەی کێ ئەو خائینە ..مە ..ۆ سەگ تۆپ بکات ...

با بێنەوە سەر هەژار تۆ ناوت نا هەژار راستت گوت هەژار بوو ..بێ تۆ بوو هەر لە منالیەوە تۆی نەدیت دایکم بە ئازاری یوسف پێخەمبەر پەروەردەی کرد کون نەما تێیدا نەی شارێتەوە تابەعسیەکان نەی بینن....دەرمان نەما نەخوا تا چاو لە دونایی زولم زۆرداری نەکاتەوە ....کەچی هەژار بە هەژاری لە دایك بوو ئەویش وەك ئێمەمانان حەزی دەکرد بشدێنەکەی تۆ لە پشت کات... ئەو هەموو کات جکوش داسەکەی حزبەکەتی لەسەر پەرتوك پاراوەکانی بوو ..ئەو هەستی بە نەقس دەکرد هەستی بێ باوکی دەکرد ...کە دەیان گوت باوکە یان کاکە کزەی لە جەرگ دەهات هەردەم لە دوای ناوی قارەمانانی حزبەکەت دەگەرا رۆژێك ناوی لە خۆ دەنا گیڤارا ...رۆژێکی تر لاوە شەل ...رۆژێکی تر ....شەهید بلە...تد چاوی لە ئەوان دەکردوە ئەویش خوێندنی لەسەر حزبەکەت دانا ئەو لە هەمووومان داماو تر بوو بۆیە ئەویش ولاتی جێ هێشت ئەو وەك شوعیەك ولاتی جێ هێشت وەك کورە

پێشمەرگەیەك ...باوەر دەكەیت تا ئێستا 15 ولاتی كردوە ئیقامەی نادەنێ .......دەزانی بۆ ؟؟؟؟چونكە كورە پێشمەرگەیە كوری تۆیە ..ئەو هەموو جارێ كە تەلەفۆن دەكات دەلێت دەزانی ئەگەر بە رەفیق حزبیك یان بە جاشێكی بەعسیەكان خۆم تەقدیم كردبا لە مێژبوو وەرگیرابووم ....

كاكە مام یوسف.. بژار ..... ئێستا دكتۆرە ئەویش لە دوای شەهید بونی تۆ بوو بە پێشمەرگەی حزب ئەو زۆری پێشمەرگایەتی نەكرد چاوی بە پالەوانە وەهمیەكان خۆش نەبوو ئەو بە زیرەكی خۆی ولاّتی جێ هێشت و ئێستا خۆی بە هاولاتی ئەو نیشتمانە ناژمێرێت ...هەقی خۆیەتی ئەو دكتۆرە بۆردی هەیە ...كەجی لە ولاتەكەی ئێمە دەیەها بێ شهادە ولات بەرێوە دەبەن كەسیش لە كەسێكی پسپۆرو خاوەن رابرودێكی پاك ناپێچێتەوە.....

كاكە گیان بم بەخشە دەزانم دلّتم گران كردووە تۆزیك تۆشی نائومێدیم كردی و ئێستا لەوانە بلێت رەنجم بە خەسار رۆیشت ....بۆیە بەم بەخشە حەز دەكەم چیرۆكی تەواوی خۆشەویستەكانت بۆ باس بكەم ...تۆزێك گوێت بۆم شل كە ...

بم بەخشە كاكە گیان...دلم بە شار خۆش نیە ...چاوم بە پالەوانە وەهمیەكان ناكرێتەوە ئەوانەی بیست تا سی پاسەوان پاسەوانیان دەكات ...ئەوان لە خۆیانەوە بون بەشت ...كەس باسی رەنج و خەباتی تۆو هاورێكانت ناكات ...هەریەكەو لە خۆیەوە دەبێت بە وەزیر بێ ئەوەی رۆژێك تەقەیەكی بە بەعسیەكان وەنا بێت .....بێ ئەوەی رۆژێك كالەیەكی ئەدی داس و كەتافەیەكی رەنگ خاكی لەبەر كردبێت.....

بم بەخشە كاكە گیان ئەمشەو دلّم بە قەدەر هەموو ئاگردانەكانی وجود دەسوتێت ....تۆ شەهید بووێت و لە خەم و ماندووبون دەرچوویت كەچی كۆلێك خەمت بۆ ئێمە جێ هێشت ....

رێگاو رازە خان هەموو ئێواران لەبەردەم دەرگا چاوەرێی هاتنەوەم دەكەن ناچنە ژورێ تا دەرنەكەوم ...نایانەوێت وەك تۆ بم ...نایانەوێ جێیان بهێلم.... دەزانی ئێستا هەموو رۆژێك پێم دەلێن بابە كەی تەخروج دەكەیت ؟؟؟؟؟

من وەلامم پێ نیە بۆ یان پێم ناخۆشە پێان بلێم كچەكانم لەبەر بابە كۆچەر نەبا.....دەلێی گەرێ كاكە گیان ....ئا با دلّت خۆش كەم رێگا و رازەی كچم  دەزانی دلّیان زۆر بە تۆ خۆشە هەردەم سەیری وێنەكانت دەكەن ودەلێن بابە.... بابە كۆچەر چەند بەعسی كوشت ؟؟؟؟؟..كەسەدام دادگای دەكرێت ئەوان تف لە نێو جاوانی دەكەن دەلێن ئەوە بابا كۆچەری كوشت.....

ئەوان مندالن كەچی كەیفیان پێ دێ كە تۆ بە عسی نەبویت و پاپیرەی ئەوانی و بەعسیەكانت سەرشۆر كردوە لەشار!!!!

دەزانی كە شەهید بویت من لە ناو تاقی كردنەوەی بە كەلۆریابووم......بم بەخشە ساقیتیان كردم ....ساقیتەیەك ساقیتی كردم ....خوشكی ئەو خۆفرۆشە بەعسیەی تۆیی بە شەهید كردن دا ..... ئەوەی براكەی جاسوس و خائین و پیاوی بەعسیان بوو ...كەچی پاش رزگار بوونی عێراق حزبە كوردیەكان كە جاران لە گەلّت خەباتیان دەكرد لە شاخ جاسوسێكیان كرد بەئەندامی خۆیان ....تەزكیەیان كرد ....هەویەیان بۆ دروست كرد....ئێستا ئەوان بە دلسۆزی خۆیانی دادەنێن ...بەلاّم با هەر وابێت  .....

 دەزانی ئێستا زۆر هاوپۆلانم ئەوانەی زوو زوو پێش هەموو كەس دەبوون بە بەعسی دكتۆرن یەكێكیان كچی بەرپرسێكی گرینگی شاری لایە ....هەندێكی تر دونایایەك نەجەمەو تانجیان لەشانە ....هەندێكی تریان خۆیان و جانتاكەیان پرۆفیسۆرن .....منیش ئێستا خویندن تەواو دەكەم ....

بم بەخشە كاكە گیان..... من دەم ویست لە نێو حزب پشدێنەكەی تۆ لە پشت كەم ....نەیان هێشت ....

كاكە گیان ئەم شەو بەم قسانە ناتوانم برینم ساریژ كەم ...ناهقیشم مەگرە كە باسی رێگاو رازم بۆ كردیت بەلاّم جارێكی تر نامەوێت نە مندالّی من نە مندالّی براو خوشكەكانم وەك كاتی مندالّی ئێمەیان لێبێت جونكە بەس خۆم بیرم دیت چ مەرگەساتیك ژیانمان بەسەر برد......

بە داوای لێبوردنەوە لەوانەیە دەیەها كەسی وەك دایك وخوشك وبراكانی من هەبن كە هەموو تەمەنی خۆیان لە پێناو شۆرش و كوردایەتی بەسەر بردبێت و ئێستاش كەس هەر پێشیان نازانێت.....

ئا كاكە گیان ئێستا لەبری شەهید بونت وخوێنی تۆ دایكم دوو مانگ جارێك هاوكاریەك لە دەزگای شەهیدی حكومەتی هەرێمی كوردستان وەردەگرێت دەزانی من دەیەها ناو دەزانم بەسەر یەشە یان بە جەلتەی دەماخ  لەپاش راپەرینیش مردوون كەجی ناویان بە فەرماندە نوسراوە هاوكاریەكەشیان سێ بەقەدەر هاوكاری تۆیە جا بۆیە نازانم تۆ دەرەجە چەندی لە شەهیدەكان ....یان تەنها لەبەر ئەوەی تۆ شەهیدی حزبی ...........

هەزار چپكە گولّ پێشكەش بە گۆرت بم بەخشە كاكە گیان بەقەدەر هەموو دونیا سەرمان پێت بلندە هەموو دونیا نادەین بە داستان ونەبردیت جونكە تۆ لە پێناوی كرێكارو جوتیارو زەحمتكێشانی شار خۆت بە شەهید كردن دا....                .